# تێڕامانێك لە بزووتنەوەی كۆمۆنیستی و گرفتەكانی

## بەشی هەشتەم

مەسەلەی ناوەندێتی ( مەركەزیەت ) چۆن لە هەموو حزبێكدا هەیە و لە سەرەوەیە بۆ خوارەوە , لە حزبی بەرییینی چینی كرێكار ( حزبی ماركسیستی ڕاستەقینە ) یشدا هەیە , بەڵام لە خوارەوەیە بۆ سەرەوە . ناوەندێتی ( مەركەزیەت ) جگە لەوەی خاسیەتی كۆمەڵگای سەرمایەدارییە , خاسیەتێكی چینایەتی خەباتیشە لە ناو چینی كرێكاردا . گرفتەكە لە نێوان بوون و نەبوونی ناوەندێتی ( مەركەزیەت ) دا نییە , بەڵكو لە نێوان دوو جۆر لە ناوەندێتیدایە , كەهەر یەكەیان لا دەكاتەوە بە لای چینێكدا . ناوەندێتی سەرەوە , بۆرژوایانەیە و ناوەندێتی خوارەوەش پرۆلیتاریایانەیە . ناوەندێتی تەنانەت لە كۆمەڵگای سۆشیالیستیشدا هەر هەیە . ئەگەر وەكو هەندێک لە هاوڕێیان بۆی دەچن كە دەبێت ناوەندێتی خوارەوە بە مانای نەمانی مەركەزیەت بێت , من دەڵێم ئەگەر وابێت بە مانای نەمانی حزبیش دێت . یانی تا حزب هەبێت , لە ناویدا , ناوەندێتیش دەبێت . كەواتە ناوەندێتی و حزب لە یەكتری جیا ناكرێنەوە . ئەوەی لەو نێوەدا لە یەكتری جیا دەكرێنەوە , حزبی جیاواز و ناوەندێتی جیاوازە . دروست بوونی حزبی جیاواز بۆ چینی كرێكار لە جیاوازی چینی كرێكارەوە هاتووە لە چینی بۆرژوا , وە دروست بوونی ناوەندێتی جیاوازیش لە جیاوازی حزبی چینی كرێكارەوە هاتووە لە حزبی چینی بۆرژوا . نە حزبی بەرییینی چینی كرێكار دەكرێت قاڵبی خەبات و ئامانجی چینی بۆرژوا بێت بە هەموو باڵە جۆراوجۆرەكانیەوە , وە نە حزبی بۆرژواش دەكرێت قاڵبی خەباتی شۆڕشگێڕانەی چینی كرێكار بێت بۆ گەیشتن بە سۆشیالیزم . واتە نە بۆرژوا پێویستی بە حزبی بەرییین و كراوە هەیە و نە كرێكاریش خەباتی چینایەتی بەربڵاوی خۆی لە حزبی بچوک و داخراوی بۆرژوادا دێنێتەوە یەک . حزب بە بچوک و داخراوی پێویستی بە ڕابەرایەتی تاكرەوی هەیە , كە ئەویش ڕەنگدانەوەی سیمای چینایەتییانەی بۆرژوا و هەڵگرتنی خاسیەتە بنچینەییەكانیەتی . وە ڕابەرایەتی تاكرەوی هەمیشە پێویستی بە پیادە كردنی بیرۆكراسی و كۆنترۆڵ كردنی زۆرەملێ و چەوساندنەوەی بێ سنوور هەیە . بەڵام لە بەرانبەر ئەم بارودۆخەدا , حزب بە بەرییینی و خۆكردنەوەیدا پێویستی بە ڕابەرایەتی بە كۆمەڵ ( ڕابەرایەتی هەموان=ڕابەرایەتی كردن بە هەموان پێكەوە )هەیە كە ئەویش بۆ خۆی ڕەنگدانەوەی سیمای چینایەتییانەی چینی كرێكار و لە خۆگرتنی خاسیەتە بنچینەییەكانیەتی . وە ڕابەرایەتی بە كۆمەڵ هەمیشە پێویستی بە پیادە كردنی دیمۆكراسی و بەرقەرار كردنی ئازادی و هەڵپێچانی چەوساندنەوەی هەمەلایەنە هەیە . ناوەندێتی خوارەوە و ڕابەرایەتی بە كۆمەڵ , جەمسەرەكانی سیستمی كار پێک دەهێنن لە ناو حزبی بەرییینی چینی كرێكاردا . مەسەلەی پەیوەندییە دیمۆكراسییەكان و ئازادییەكان و مافە مەدەنییەكان و پێودانگی دابەش كردنی كار و هێڵە گشتییەكانی خەبات و پتەو بوونەوەی ڕیزەكان و دەستكەوتەكان و چوونە پێشەوەكان و لێپرسینەوەكان و هتد , پەیوەست دەبنەوە بەو جەمسەرانەوە . ئەم ناوەندێتییەی خوارەوە لە بناغەدا بە مانای ناوەندێتی چینی كرێكار دێت لە ناو حزبدا , وە ئەو ڕابەرایەتی بە كۆمەڵێشە بە مانای ڕابەرایەتی كردنی چینی كرێكار دێت لە حزبدا . وە هەروەها كەباسی دەسەڵاتی یەكسان دەكەم لە ناو حزبدا ( واتە هەموو ئەندامان لە سەرەوە و خوارەوە , بە بێ جیاوازی , وەک یەک دەسەڵاتیان هەبێت ) بە مانای جێگیر كردنی دەسەڵاتی چینایەتییانەی چینی كرێكار دێت لە ناو حزبدا . یانی لە پاڵ هەرسێ دەستەواژەی ناوەندێتی خوارەوە و ڕابەرایەتی بە كۆمەڵ و دەسەڵاتی یەكساندا , خەباتی شۆڕشگێڕانە و ئامانجە كۆتاییەكانی چینی كرێكار ڕاوەستاوە . لە ڕاستیدا چینی كرێكار خۆی دەبێت بە خاوەنی حزبەكە و حزبەكەش بۆ خۆی دەبێت بە ئامرازی دەستی ئەو ( واتە چینی كرێكار ) . لە هەموو حزبێكدا چۆن كۆمەڵێک یاسا و ڕێسا هەیە كە لە سەرەوە بۆ خوارەوەیە و هەمووی دەبێت پەیرەوی بكات , لە حزبی بەرییینی چینی كرێكاریشدا بە هەمان جۆر كۆمەڵێک یاساوڕێسای تایبەت بە خۆی هەیە كە دەبێت پەیرەوی بكرێت . ئەڵبەتە پرۆسەی دروست بوونی حزب و چوونە پێشەوەی , دەبێتە هۆی سەرهەڵدان و گەڵاڵە كردن و گشتی كردنەوەی كۆمەڵێک ئەرک و یاسا كە بە شێوەیەكی ئازادانە و لە سەر زەمینەی هەبوونی پەیوەندییەكی دیمۆكراسی بەربڵاو , وە لە لایەن هەموانەوە بە فەرمی دەناسرێن و كاریان لە سەر دەكرێت . هاوڕێ مەنسوری حیكمەت كە دەڵێت

: ( سۆشیالیزم یانی گەڕاندنەوەی ئیرادە بۆ ئینسان ) , سەبارەت بە حزبی کۆمۆنیستی ڕاستەقینەش کە حزبی بەرەینی چینی کرێکارە , دەبێت هەر وابێت و ئیرادە لە ناویدا بگەڕێتەوە بۆ ئینسانەکان . ناکرێت حزبێک کە خەبات بۆ گەڕاندنەوەی ئیرادەی ئینسان بکات , لە ناو خۆیدا ئیرادەی زۆربە کە ئەندامانن لە لایەن کەمایەتی حزبەوە کە بە پلەی یەکەم ڕابەرایەتییە , لە قالب درابێت . ئەو حزبە کاتێک دەتوانێت ئەو خەباتە بکات کە لە ناو خۆیدا ئیرادە گەڕابێتەوە بۆ ئەندامانی خوارەوە . حزبەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بە بێ جیاوازی , وە لە پرۆسەی مێژوویی دەیان ساڵەیاندا ولەسەر ئاستی جیهانی و هەتا ئەم ساتە وەختەی کە ئەم دێرانە دەنووسم , نەک حزبی گەڕاندنەوەی ئیرادە نەبوون بۆ ئینسانەکان , بەڵکو حزبی لێسەندنەوەی ئیرادە بوون لە ئینسان . تەنیا حزبی بەرەینی چینی کرێکار , دەتوانێت ئەو ئیرادەیە بگێڕێتەوە بۆ ئەندامان و خەباتیش بۆ گەڕاندنەوەی ئیرادە بکات بۆ ئینسانەکان لە سەر ئاستی کۆمەڵگا . ئەگەر لە باسەکەمان دەرنەچین و بچینە سەر بابەتە بنەڕەتییەکە , کە شی کردنەوە و ناساندنی ناوەندێتی خوارەوە و ڕابەرایەتی بە کۆمەڵە , , دەبێت پەیوەندییەکانیان لەگەڵ پێکهاتەی حزبی و چینی کرێکار و شۆڕش و سۆشیالیزمدا ڕۆشن بکەینەوە . ناوەندێتی خوارەوە لەگەڵ پێهاتەی حزبێکدا دێتەوە کە بواری چالاکی هێندە تیایدا بەربلاو بێت کە هەموو هەڵسوڕاوێک تیایدا لە هەموو ڕوویەکی خەباتی چینایەتییەوە بە مەیدانی کاری خۆی بزانێت و هەست بە هیچ کۆسپ و تەگەرەیەکی حزبیی نەکات لە بەردەمیدا . ئەم جۆرە لە پێکهاتەی حزب یەکانگیرە لەگەڵ پاراستنی ئازادییەکان و مافە مەدەنییەکانی ئەندامانەدا کە ئەمانیش بۆ خۆیان لەگەڵ ناوەندێتی خوارەوەدا دێنەوە و ناکۆکن بە ناوەندێتی سەرەوە . جگە لەوانە ئەم پێکهاتەیە لە حزب و ئەو بارودۆخەی بە هۆیەوە ساز دەبێت , تێهەڵکێش دەبن بە پیادە بوونی ئەوپەڕی دیمۆکراسی لە پەیوەندییەکانی نێوان ئەندامانەدا لە خوارەوە بۆ سەرەوە . لەم حزبەی چینی کرێکاریشدا خوارەوە بۆ سەرەوە هەر هەیە . ئەوەی کە جیای دەکاتەوە لە لە حزبەکانی ئەمڕۆی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لەم بارەیەوە , ئەوەیە کە خوارەوە لەمیاندا خاوەنی هێزە و سەرەوە نوێنەریەتی . خوارەوە خاوەنی بڕیارە و سەرەوە و هەموو ئۆرگانەکانی تر جێبەجێ کەرینی . خوارەوە چاودێرە بە سەر ڕابەرایەتیدا و ڕابەرایەتیش کاری یەکخستنی ڕیزەکان و گەڵاڵە کردنی چۆنیەتی بردنە پێشەوەی هۆشیاری چینایەتی و کار کردن لە سەری و تەخت کردنی تیئۆرییانەی گرفتەکانی بەردەم خەباتی چینایەتی و توند کردنەوەی هەرچی زیاتری پەیوەندییەکانی نێوان حزب و چینی کرێکار و ساغ کردنەوە و هێنانە دەرەوەی مەسەلەکانی تاکتیک و ستراتیجی خەباتی چینایەتی و دەوری حزب تیایاندا و دۆزینەوەی ئوسوڵی کار بۆ هەڵخراندنی هەموو چەوساوەکانی تری کۆمەڵگا بە دەوری بردنە پێشەوەی ئەرکەکانی چینی کرێکار و شۆڕشە مەزنەکەیدا و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی یاساکانی سۆشیالیستە کردنی کۆمەڵگای پاش شۆڕش و پایەدار بوونی سەردەمی حوکومەتی کرێکاری .
ئەم ئەرکانەی ڕابەرایەتیو هی تریش کە لە خوارەوە بڕیاری لەسەردەردەکرێت,لەئەتمۆسفیرێکی ئەوپەڕی ئازادانە و لە ڕێگای وتوویژی بێ دەسەڵاتەوە ( واتە دەسەڵات لە ئارادا نەبێت ) لەگەڵ ئەندامان و ئۆرگانە حزبییەکاندا و لە سەر بناغەی ماف و ئیرادەی یەکسانەوە , کارە هاوبەشەکانی لەگەڵیاندا دەباتە پێشەوە و کارە تایبەتییەکانیشی کە پەیوەستن بە خۆیەوە , چ وەک تاک تاکی ڕابەرەکان و چ وەک هەموو ڕابەرایەتی پێکەوە , لە نووسین و تیئۆڕیزە کردن و چاودێری پراکتیزە کردنی ئەرکە حزبییەکان و پاراستنی هێڵە گشتییەکان و پەیوەندییە دەرەکییەکان و هتد , دەبێت ئارەزوومەندانە بێت و مافی بەکار هێنانی هیچ جۆرە داسەپاندنێکی نەبێت . ساغ کردنەوەی هەموو کێشەیەک کە لەم ڕووەوە بۆ ڕابەرایەتی دێتە پێشەوە , دەبێت بە پێی مۆڵەتی ڕیزەکانی خوارەوەبێت . ئەم سیستەمە لە کار کردن لە چوارچێوەی حزبێکدا جێگەی دەبێتەوە , کە لە سەر بناغەی دیسپلین و یەکخستن و هۆشیاریو دەسەڵاتی چینایەتی دامەزرابێت . لە سەر هەڵسانی ئەم زەمینەوەیە کە ناوەندێتی خوارەوە و ڕابەرایەتی بە کۆمەڵ دروست دەبێت .
ناوەندێتی خوارەوە لەگەڵ ناوەندێتی چینی کرێکار لە ناو حزبدا , دوو دیوی یەک سکەن . ناوەندێتی خوارەوە ئامرازی دانەبڕانی حزبە لە چینی کرێکار . لێکهەڵپێکرانی ئەتمۆسفیری خەباتگێڕانەی چینی کرێکار و حزب بە پەیوەست بە ناوەندێتی خوارەوە , کەتواری ( واقعی ) بوون بە خۆیەوە دەبینێت . چینی کرێکار بە هۆی هەبوونی دەسەڵاتی چینایەتییانەی خۆیەوە , دەتوانێت حزب بکات بە ئامرازی خەباتی خۆی . وە دابیین کردنی ئەم دەسەڵاتە چینایەتییەی بە سەر حزبدا نابێت لە دەرەوەی حزبەوە بێت , بەڵکو دەبێت لە ناو خودی حزبدا جێکەوتە بکرێت .

دەیان ساڵە ئەم دەسەڵاتە چینایەتییە لە ناو حزبدا جێکەوتە نەبووە , بۆیە حزبەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی نەیانتوانیوە پەیوەندییە حزبایەتی و چینایەتییەکان , خەباتەکانی هەردوولا , هۆشیارییەکان و دەستکەتنەکان و سەرکەوتنەکان , لەگەڵ یەکدا و لە بۆتەیەکدا تێکەڵاو بکەن و بیانگرسێنن . یانی یاسای بە ئامراز کردنی حزب بۆ چینی کرێکار , هەبوونی ڕابەرایەتی کردنی چینی کرێکارە بە سەر حزبدا و لە ناو خودی حزب خۆیدا . وە ئامرازی جێخستن و بەکار هێنانی ئەم یاسایە لە حزبدا , دابیین کردنی ناوەندێتی خوارەوەیە . لە حزبەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا , چ لە پرۆسە مێژووییەکەیدا و چ لە سەر ئاستە جیهانییەکەی , ئەم دابیین کردنەی دەسەڵاتی چینایەتی چینی کرێکار بە سەریاندا و لە ناو خودی حزبەکاندا دیار نییە . گرفتی بنڕەتی ئەم حزبانە نەبوونی ئەم دیاردەیە بووە . ناوەندێتی خوارەوە ڕێک دەربڕی دەسەڵاتی چینی کرێکارە لە ناو حزبدا . تەنیا بە بوونی ناوەندێتی خوارەوە , گەرەنتی دەدرێت بە دانەبڕانی حزب لە چینی کرێکار . ئەم ناوەندێتییەی خوارەوە هەرچەندە تا ئێستا وەکو مەقۆلەیەک بەکار نەهێنراوە و نەکەوتووەتە سەر زاران , بەڵام مەقۆلەیەکی کەتواریانە ( واقیعیانە ) یە و بە شێوەیەکی عەینی لە ناو کۆمەڵگادا بوونی هەیە . دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا بریتییە لە ناوەندێتی خوارەوە لە سەر ئاستی کۆمەڵگا . وە بەرقەرار بوونی ئازادییەکان و پارێزراوی مافەکان و یەکسانی تاکەکانی کۆمەڵ لە بەرانبەر یەکتریدا لە هەموو ڕوویەکەوە و نەبوونی دەسەڵاتی هیچ کەسێک بە سەر ئەوی ترەوە لە کۆمەڵگای سۆشیالیستیدا , دەگەڕێتەوە بۆ پیادە بوونی ناوەندێتی خوارەوە کە دەسەڵاتی چینایەتییانەی چینی کرێکارە . ناوەندێتی خوارەوە لە سەر ئاستی حزب و کۆمەڵگا بە مانای بەرجەستە بوونەوەی دەسەڵاتی چینایەتی چینی کرێکارە . خەباتی چینی کرێکار کە بۆ شۆڕشی کۆمەڵایەتی و دامەزراندنی سۆشیالیزمە لە ڕێگەی حوکومەتی کرێکارییەوە , بە واتایەکی تر خەباتە بۆ لابردنی ناوەندێتی سەرەوە لە سەر ئاستی کۆمەڵگا و دەرهێنانی دەسەڵات لە دەستی کەمایەتییەکدا کە چینی بۆرژوایە , وە ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگا لە سەر بناغەی ناوەندێتی خوارەوە و وەرگرتنی دەسەڵات لە لایەن زۆرینەوە کە چینی کرێکارە . پەیوەندی نێوان حزب و چینی کرێکار , بە مانای ئامادە بوونی چینی کرێکار دێت لە ناو حزبدا ئەو ئامادە بوونە دەبێت عەینی بێت , نەک لیدەر و مەکتەب سیاسی و ناوەندی , نوێنەرایەتی بکەن . ئامادە بوونی عەینیی چینی کرێکار , پێش هەموو شتێک ئامادە بوونی دەسەڵاتدارانەیەتی , کە ئەویش لە گرەوی دامەزراندنی ناوەندێتی خوارەوە و ڕابەرایەتی کردنی بە کۆمەڵدایە ( ڕابەرایەتی کردن بە هەموان پێکەوە ) . حزبی بە مانای ووشە کۆمۆنیست لەگەڵ ناوەندێتی سەرەوەدا نایەتەوە , وەک چۆن حزبی بۆرژوا لەگەڵ ناوەندێتی خوارەوەدا نایەتەوە . خاسیەتە چینایەتییەکان لە پشتی پێکهاتە حزبیەکانەوەن . فراوانی , کراوەیی , ئازادی , یەکسانی , دیسپلینی چینایەتی , ناوەندێتی خوارەوە , ڕابەرایەتی بە کۆمەڵ , هەڵبژاردنی کاری ئارەزوومەندانە , نەبوونی دەسەڵاتی تاک و ئۆرگان بە سەر ئەندامدا ,, ئەو خاسیەتە چینایەتییانەی کرێکارانن کە حزبی بەریین و شۆڕشگێڕانەی چینی کرێکار ( حزبی کۆمۆنیستی ڕاستەقینە ) ی پێ دەناسرێتەوە . چینی کرێکار لە ڕێگەی دابیین کردن و جێخستنی خاسیەتە چینایەتییەکانی و شێوازی کار کردن و خەبات و ئامانجەکانیەوە , دەتوانێت هەبوونی عەینی خۆی لە حزبدا و بە ئامراز کردنی ئەو حزبە مسۆگەر بکات . چینی کرێکار بۆ ئەو ئاوێزان بوون و پەیوەست کردنەی حزب بە خۆیەوە , پێویستی بە ناوەندێتی خوارەوەیە چونکە ناوەندێتی خوارەوە ئەو سیستەمەیە لە کار کردن کە لە لایەکەوە نامۆ نابێت بە سیستەمی کار کردنی چینایەتییانەی کرێکاران و لە لایەکی تریشەوە هۆکاری دەربڕین و چەسپاندنی ئامانجە مرۆڤایەتییەکانی چینی کرێکارە لە حزبدا .

چینی کرێکار لە دەسەڵات گرتنیدا لە سەر ئاستی کۆمەڵگا , ئازادی و بەرابەری بۆ مرۆڤەکان بە بێ هیچ جۆرە جیاوازییەک مسۆگەر دەکات . وە لە سەر ئاستی حزبیشدا هەمان ئازادی و بەرابەری بۆ هەموو ئەندامان چ لە خوارەوە بن یان لە هەر ئۆرگانێکدا هەبن , مسۆگەر دەکات .

لە ناو خودی چینی کرێکاریشدا ناوەندێتی هەر لە خوارەوەیە . ڕابەری سۆشیالیستی بڕیاردەر نییە , بەڵکو ڕاگەیەنەری بڕیاری کرێکارانە . خاوەنی دەسەڵات ئەو ( ڕابەری سۆشیالیستی ) نییە , کرێکاران خۆیانن . بەو ڕادەیە نمایندەی هێز دەکات کە خۆی خاوەنی هیچ هێزێک نییە بە سەر کرێکاراندا . ناکرێت ڕابەر خۆی خاوەنی هێزێک بێت و نمایندەی هێزێکی تری هەمان جۆر , گەورە یان بچوک , بکات . مادەم هێزەکان ( هێزی ڕابەر و هێزی خوارەوە )

جیاوازن , یانی دژن به یەکتری . چارەسەر کردنی ئەو دژایەتییە لە توانەوەی یەکێکیاندا دەبێت لەوی تریاندا . ئەو دوو هێزە جیاوازە لە حزبەکانی ئەمڕۆی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا , لە ژێر تواندنەوەی زۆرە ملێیانەی هێزی خوارەوە لە هێزی ڕابەرایەتیدا , بوون (بووگن ) بە یەک . لە حزبی بەرییەنی شۆڕشگێڕانەی چینی کرێکاردا هێزی ڕابەرایەتی لە هێزی خوارەوەدا دەتوێتەوە . هەر وایە لە گۆڕەپانی حزبەکاندا دەبێت یەک هێز هەبێت . ناکرێت هێزی سەرەوە و خوارەوە , بەجیا لە یەکتری و پێکیشەوە هەبن .

ئەگەر هەر لە سەر نموونە هێنانەوە و بەراوورد کردن لە سەر ناوەندێتی خوارەوە بڕۆین , دەبینین لە نێوان حزب و چینی کرێکاریشدا هەر بە ئاقاری سروشتی خۆیدا دەڕوات . واتە دەسەڵات لە کەمینە کە حزبە دەبێت وەربگیرێتەوە و بدرێتە دەست زۆرینە کە چینی کرێکارە , بۆ دابیین کردنی ئازادی و یەکسانی تەواو لە نێوان تێکڕای ئەندامانی حزبدا بە بێ جیاوازی سەر و خوارەوە . یانی حزب خاوەنی هێز نابێت , خاوەنی دەسەڵات نابێت , خاوەنی بڕیار نابێت بە بەراوورد بە چینی کرێکار . دوو هێزی جیاواز لە ئارادا نابێت بە ناوی هێزی چینی کرێکار و هێزی حزبیی ئەو چینە , بەڵکو دەبێت هێزی دووەم ( هێزی حزبیی ) لە ناو هێزی یەکەمدا ( هێزی چینی کرێکار ) بتوێتەوە و نمایندە کردنی حزب لە بوارە جیا جیاکاندا بۆ ئەو هێزە , لە کۆنترۆڵ بوونی خۆیەوە لە لایەن چینی کرێکارەوە , سەرچاوەی گرتبێت . ناکرێت دوو دەسەڵات لە حزبێکدا جێگیر بێت . ئەگەر هەردوو دەسەڵاتەکە لە باری چۆنایەتییەوە چوونیەکن و جیاوازییەک لە نێوانیاندا نییە , ئەوا دەبێت ببن بە یەک ( واتە یەکێکیان لە ناو ئەوی تریاندا بتوێتەوە . خۆ ئەگەر دوو دەسەڵاتەکە جیاواز بن لە یەکتری , ئەوا ڕەتی یەکتری دەکەنەوە , یان دو دەسەڵاتی دژ بە یەک دەبن و ئەمەش بۆ خۆی ڕێگە لە بواری کار کردنی دوو لایەنە دەگرێت و هەر دەبێت یەکێکیان لە لایەن ئەوی تریانەوە کۆنترۆڵ بکرێت . ئەگەر ڕۆشنتری بکەمەوە , واتە لە حزبدا یان دەبێت دەسەڵاتی چینی کرێکار بوونی هەبێت , کە ئەوەش تەنیا لە دامەزراندنی حزبی بەرییەنی شۆڕشگێڕانەی چینی کرێکاردا دەبێت , وە یان دەبێت دەسەڵاتی حزبیی بوونی هەبێت کە ئەوەش لە پرۆسەی مێژوویی حزبەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و لە سەر ئاستە جیهانییەکەی تا ئێستاش بەردەوامە . سەبارەت بە بڕیار دانیش لە حزبدا یان دەبێت خاوەنی بڕیار چینی کرێکار بێت یان دەبێت حزب بێت . ئەگەر حزب دامەزراوەیەکی جیاواز بێت لە چینی کرێکار ( وەک حزبەکانی ئێستای بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ) ئەوا بڕیارەکان بە شێوەیەکی سەرەکی حزبیی دەبن و مەسەلەی چینی کرێکار بە پلەی مام ناوەندی دێت و لە ڕاستیدا دەبێتە پاشکۆی ئەو( حزب).خۆ ئەگەر دامەزراوەکەش حزبی بەرییەنی چینی کرێکار بێت ( بە پێچەوانەی حزبەکانی ئێستاوە ) ئەوا بڕیارەکان چینایەتی دەبن و لە حزبایەتی کردن بەدەر دەبن . لێرەشدا هەر ناکرێت بڕیاردان جێ پەنجەی هەردوو لایەنەکەی وەکو یەک پێوە بێت ( واتە چینی کرێکار و حزب ) . یان دەبێت بڕیارەکان خودی چینی کرێکار لە ناو حزبدا ساغی بکاتەوە و ڕای بگەیەنێت , یان دەبێت بوونی چینی کرێکار لە بڕیارەکاندا ئەسڵی نەبێت و ناو هێنانی تەنیا بۆ چاوبەست و مەرامی حزبیی بێت . هەبوونی دوو جیهانبینیی جیاواز لە بڕیارە حزبیەکاندا , جگە لەوەی کە نە کەتوار ( واقیع ) ە و نە زەمینەیەکی کەتوارانە ( واقیعیانە ) شی هەیە , کۆکردنەوەی دوو دژیش دەبێت لە هاوکێشەیەکدا کە چارەسەرەکەشی هەر کۆنترۆڵی یەکێکیان دەبێت لە لایەن ئەوی تریانەوە .

پەیوەندی حزب و شۆڕشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکاریش هەر لە دووتوێی چینایەتی بوونی حزبەوە , دەکرێت لێک بدرێتەوە . ئامادە بوونی هەمیشەیی ڕوخساری شۆڕش لە هەڵسووڕانی حزبیدا , جگە لەوەی کە بەرئەنجامی چینایەتی بوونی حزب دەبێت , هۆکارێکی پاراستن و مانەوەی ئەو چینایەتی بوونەش دەبێت . زاڵ بوونی ئامانجی شۆڕشی کرێکاری بە سەر کار و سیاسەتی حزبییدا , پەیوەندی نێوان ئەندام و چینی کرێکار توند ڕادەگرێت و حزبیش بە تۆکمەیی وەک بەشێکی کارای چینەکە دەهێڵێتەوە . هەرچەندە ناوەندێتی خوارەوە و ڕابەرایەتی بە کۆمەڵ ( ڕابەرایەتی کردن لە لایەن ئەندامانەوە ) ئەو ئاڵوگۆڕە بنچینەیی یە بە سەر پەیوەندی حزب و چیندا دەهێنێت و دەیباتە پێشەوە , بەڵام ڕۆشنی ئاسۆی شۆڕشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار لە حزبدا , هەم بەرئەنجامی ئەو دوانە و هەم فاکتەرێکی مانەوەشیانە .

سەبارەت بە پەیوەندی حزب و حوکومەتی کرێکاری و پڕاکتیزە کردنی ئەو پەیوەندییە کە لە دووتوێی چینایەتی بوونی حزبەوە بە ئەنجام دەگات , نەخش بوونی ئاسۆی شۆڕشگێڕانە و هێنانی ئاڵوگۆڕی بنچینەیی یە لە کۆمەڵگادا . ئەمە لە لایەکەوە وە لە لایەکی تریشەوە , گەڕاندنەوەی کاریگەری پۆزەتیڤانەی ئەو ئاسۆی خەبات و ئاڵوگۆڕەیە بۆ تاودانەوە و بردنە پێشەوەی کاری حزبیی و بەهێز کردنەوەی هەمیشەیی ناوەندێتی خوارەوە .

بۆ دامەزراندنی سۆشیالیزمیش کە ئامانجە کۆتاییەکانی چینی کرێکاری تیا بەرجەستە دەبێتەوە , حزب وەک ئامرازی خەبات بۆ هێنانە دی ئەو ئامانجە چینایەتییە , دامەزراوە . یانی پەیوەندی حزب بە سۆشیالیزمەوە , ڕێک چارەنووسی حزبە . ئەوەی کە شیاوی باسە , تەنیا و تەنیا حزبی بەریینی چینی کرێکار کە لە سەر بناغەی ناوەندێتی خوارەوە و ڕابەرایەتی بە کۆمەڵ دادەمەزرێت , دەتوانێت بە سۆشیالیزمەوە پەیوەست ببێت .

## درێژەی هەیە

بژار 2005-05-12